# ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی و پێوەندی بە کایەی ئەدەبی لە ڕۆژاوای ئاسیادا

**نووسینی: حەیدەری خضری**
**لە عەرەبییەوە: د. سالار عەزیز مەحموود**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی بنیات/ بەشی زمانی کوردی)**

**(١ - ٢)**

ئەگەر بە دواداچوونێک بۆ ڕێڕەوی سەرهەڵدان و گۆڕانکاری ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا بکەین، تێبینی ئامادەبوونی سێ ئێستگەی سەرەکی دەکەین. ئەو سێ ئێستگە سەرەکییە بایەخێکی گەورەیان لە ئاشنابوونی عەرەبەکان بە ئەدەبی بەراوردکارییەوە هەبووە. ئێستگەی یەکەم لە نێوان هەردوو ساڵی (١٩٠٢- ١٩٠٣)دا بوو، کاتێ کە ڕوحی ئەلخالدی کتێبێکی بە ناوونیشانی (تاریخ علم الادب عند الافرنج والعرب وفیکتور هوگو- مێژووی زانستی ئەدەب لای فەڕەنسییەکان و عەرەب و ڤیکتۆر هۆگۆ) نووسی و بە شێوەی زنجیرە وتار لە گۆڤاری (الهلال)دا بڵاوی کردەوە. دووەمیان لە ساڵی (١٩٣٦)دا بوو، کاتێ کە خەلیل هینداوی وتارێکی بە ناوونیشانی: «اشتغال العرب بالادب المقارن او ما یدعوه الفرنجه Litterature Comparee- کارکردنی عەرەب بە ئەدەبی بەراوردکاری، یان ئەوەی فەڕەنسییەکان پێی دەڵێن Litterature Comparee» نووسی. بەو هۆیەوە جیهانی عەرەبی زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریان ناسی، بەو وەسفەی کە زاراوەیەک و لقێکی ئەکادیمییە. هی سێیەمیشیان لە ساڵی(١٩٥٣)دا بوو کاتێ کە موحەممەد غونەیمی هیلال یەکەم کتێبی ئەکادیمی لە بواری وانەی ئەدەبی بەراوردکاریدا بڵاوکردەوە بە ناوونیشانی (الادب المقارن- ئەدەبی بەراوردکاری). بە پێی ئەوەی زۆر لە ڕەخنەگران و ئەدیبە بەراوردکارە هاوچەرخە عەرەبەکان بینیویانە، لە ساڵی(١٩٤٨)ەوە تا ئیمڕۆ پتر لە بیست و یەک کتێبی تیوری دەربارەی ئەدەبی بەراوردکاری لە زمانەکانی فەڕەنسی و ئینگلیزی و ڕوسییەوە وەرگێڕانیان بۆ کراوە. هەروەها نزیکەی سەد و پەنجا کتێبی تیوری دەربارەی ئەدەبی بەراوردکاری نووسراون، جگە لە نووسینی سەدان کتێبی پراکتیکی (کرداری) دەربارەی وانەی بەراوردی ئەدەبی، ئەمانە هەموو بەڵگەن بۆ ئەزموونێکی بێ هاوتای عەرەبی بەرانبەر بە ئەدەبەکانی دیکەی جیهانی کە بە خۆشەویستییەوە تەماشای ئەدەبی بەراوردکارییان کردووە، ئەمە جگە لەوەی زاراوەی نوێی وەک قوتابخانەی عەرەبی ئەدەبی بەراوردکاری لە کۆتایی هەشتاکاندا لە ناو کۆڕ و ئەنجوومەنە ئەدەبییە بەراوردکارییە عەرەبییەکاندا دەرکەوتن، ئەمەش لە پشت سنووری زمانەوانی و جوگرافیدا هەوڵدانێکی بێ وچان نیشان دەدات بۆ بواری تیوریزەکردن و دەستپێکردنی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی.

بەشی یەکەمی ئەم وتارە، لە ژێر ڕۆشنایی هەردوو

ئەزموونە عەرەبی و فارسییەکەی وانەی ئەدەبی بەراوردکاریدا دەپەرژێتە سەر مێژووی پەیدابوون و گۆڕانکارییەکانی ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا و تیشک دەخاتە سەر خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بەهاری عەرەبی، بەڵام بەشی دووەمی بە دوای چۆنیەتی دەرچوونی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە پەراوێزی ئەدەبی بەراوردکاری ڕۆژاواییدا دەگەڕێ، کە لە جیهانی عەرەبیدا سەنتەرەکەی داگیرکردبوو، هەروەها مەودای کاریگەری ئەدەبی بەرواردکاری لە پەیدابوونی ئەدەبی بەراوردکاری و گۆڕانکارییەکانی ئەدەبی لە وڵاتانی هەڵکەوتووی ڕۆژاوای ئاسیادا نیشان دەدات، بە تایبەتی ئەدەبی فارسی و کوردی و تورکی. بۆ نموونە وەرگێڕانی کتێبەکانی تیوری بەراوردکاری لە زمانی عەرەبییەوە بۆ فارسی زۆر زیاترە لەوەی لە زمانەکانی دیدا کراوە، هەروەها زمانی کوردی، زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری تەنیا لە عەرەبی وەرگرتووە نەک لە زمانێکی دی.

## بەرەو لە دایک بوونی ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا(١)

لەدایکبوونی ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا هاوڕێ بووە لەگەڵ چاودێرییەکی بەهێزی ناوەندە سیاسییەکانی عوسمانی بۆ ناوەندی سیاسی خۆیان کە هەر جۆرە پێوەندییەکی عەرەبیان لەگەڵ ڕۆژاوادا بە هەڕەشە دەزانی، ئەمە جگە لە چاودێرییەکی توندی ناوەندە ئایینییە کۆنسەرڤاتیڤەکان کە هەر چەشنە پێوەندییەکی نێوان ماڵی ئیسلام و ماڵی کوفر(دار الاسلام ودار الكفر)، یان بۆ ناوەند و پیرۆزە ئایینییەکانیان بە هەڕەشە دەزانی، هەروەها چاودێرییەکی توندی ناوەندە عەرەبییە ئەدەبییە کلاسیکەکانیش هەبوو، چونکە ئەوان ئەدەبیاتی غەیرە عەرەبیان بە ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند نەدەزانی؛ هەرچەندە لە پرۆسەی بەراوردکردندا دانپێدانانێک بە ئەدەبیاتی غەیرە عەرەبی هەبوو. لەبەرئەوە ئەدەبی بەراوردکارییان بە هەڕەشەیەک دەزانی بۆ سەر ناوەندە ئەدەبییە عەرەبییەکەیان کە بە درێژایی سەردەمەکان پاراستبوویان.

ئەم چاودێرییە سیاسی و ئایینی و ئەدەبییە هۆکارگەلی دروستبوونی حاڵەتێکی ئاگاداری و نیگەرانی لە ناوەندە



ڤیکتۆر هۆگۆ

بەراوردکارییە عەرەبییەکانی لێکەوتەوە و لە ئەنجامدا ڕێگایان نەدا پێوەندییەکان لەگەڵ هاوتا ڕۆژاواییە دوژمنکارە کافرەکان و ئیسلامە ناعەرەبەکان دروست بێت، هەروەها بەو وەسفەی کە لقێکی ئەکادیمی نوێ و هاوردەیە، نەیانهێشت پێوەندییەکان لە چوارچێوەی تیوری و ئەکادیمییەکەیدا دابنرێت و بە پرۆگرامی زانکۆکان ببەسترێنەوە. ئەم نیگەرانییە زۆر بەهێز بوو، بە ڕادەیەک تێبینی دەکەین یەکەمین تێکستی عەرەبی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا بە شێوەی زنجیرە وتار لە گۆڤاری(الهلال) لە نێوان هەردووساڵی (١٩٠٢-١٩٠٣)دا بڵاوکراوەتەوە، بێ ئەوەی ناوی دانەرەکەی لەسەر نووسرابێت. کاتێکیش لە ساڵی (١٩٠٤) بە شێوەی کتێب چاپکرا، دیسان بە هەمان شێوە ناوی نووسەرەکەی لەسەر نەبوو. (بڕوانە الخطیب، روحی و افاق، ص ١٦٩- ١٧٠)؛ ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە هەر پێوەندی کردنێک بە ئەورووپییەکان و «بیروڕا تازەگەرییەکان لەو ماوەیەدا دەبووە نەهامەتی ڕەسمی بۆ خاوەنەکەی، با لە چوارچێوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکەیشیدا بووبێت» (الخطیب، روحی، ص١٨). ڕەنگە هەمان هۆ، یان هۆگەلی لێکچووی دی لە پشت یەکەم وەرگێڕانی عەرەبی کتێبێکی ئەدەبی بەراوردکاری بێت، چونکە کتێبەکە ناوی وەرگێڕەکەی لەسەر

نییە(بڕوانە ڤان تیجم)(٢). لە ئەنجامی ئەم چاودێرییە و لە ژێر سێبەری ئەم کۆنترۆڵە سیاسی و ئایینی و ئەدەبییە، سەبارەت بە ئەدەبی بەراوردکاری و بایەخدان پێی، دواکەوتنێکی تێبینی کراومان لە لایەن ناوەندە ڕۆشنبیرییە عەرەبییەکانەوە بینی، ئەمەش لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە نەوەی یەکەمی نێردراوە عەرەبەکان پاش گەڕانەوەیان لە وڵاتە بێگانەکان، بە تایبەتی لە فەرەنساوە باسی ئەم بوارە مەعریفەیان نەکردووە.

لە ژێر سێبەری ئەم کۆنترۆڵ و دواکەوتنە زەمەنییە، ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە نێوان دوو تێگەیشتندا هەنگاوی بەرەو بوون نا. یەکەمیان تێگەیشتنێکی نوێ و بیانی و ئەکادیمی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری کە پێویستی دەکرد ئەم تێگەیشتنە نوێ و نامۆیە بە گۆشت و بەزەکەیەوە وەربگرێ تا بتوانێ پەیامە جیهانییەکەی بگەیەنێت. تێگەیشنێکی دیش لەگەڵ چەمکی ئەدەب کە کۆن و کلاسیکی و پیرۆز و جودا بوو، بە تایبەتی بەراوردکارییەکەی. ئەو تێگەیشتنە ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی لە میراتی عەرەبی - ئیسلامیدا هەبوو و دەبوایە ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە بەراوردکارییە نوێیەکەیدا خۆی لەو چەمکە ڕزگار بکات، یان ڕاستی بکاتەوە، ئینجا ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لەم کەشوهەوایەدا لەدایک بووە و پەیدا بووە و لە هەنگاوە بەراییەکانیشیدا سیمایەکی پەراوێزی هەبوو. - لەبەر ئەوەی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی بوونەوەرێکی هاوردەی تەواوی تیورە بەراوردکارییە ڕۆژاواییەکان بوو- ، هەروەها لە بوارە زەمەنییەکەشی هەر لە پەراوێزدا بووە، چونکە لە ڕووی زەمەنەوە لە باسکردنی ئەدەبی بەراوردکاری و مەیدانەکانی لێکۆڵینەوەدا بە بەراوردکردن لەگەڵ هاوتا ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتەکانی پاش کەوتبوو. دیسان لە ڕووی زەمەنەوە لەگەڵ هەردوو چەمکی دەوڵەمەندی ئەدەب و ئەدەبی بەراوردکاری لە میراتی کلاسیکی عەرەبیدا دواکەوتبوو(٣). لە دواییدا، لە کایەی شوێنیشدا هەر سیمای پەراوێزی پێوە دیار بوو، چونکە دەکەوێتە پەراوێزی بازنەی گرنگیدانی ئەدەبی بەراوردکاری ڕۆژاوایی و جوگرافیای ئەدەبی بەراوردکاری جیهانی لەو سەردەمەدا، بگرە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەکەش.

ماوەی لەدایکبوونی ئەدەبی بەراوردکاری لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا ناوەڕاستەکەی بەردەوام بوو. ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لەم ماوەیەدا یەکەم تێکستی عەرەبی بەراوردکاری پراکتیکی (الخالدی) و یەکەم وتار کە زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە چەمکە ئەکادیمی و نوێیەکەیدا لەخۆ دەگرت (الهنداوی)، هەروەها یەکەم کتێبی ئەکادیمی کە باسی ئەدەبی بەراوردکاری دەکرد بە پێی چەمکە ئەکادیمییەکەی(الهلال) بەرهەم هێنا. هەر لەم قۆناغە مێژووییەی لە دایکبوونی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبیدا ماددەی نوێ لە ژێر ناوونیشانی ئەدەبی بەراوردکاری، یان لێکچووی ئەو ناوونیشانە دێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنی خوێندکارانی زانکۆ میسرییەکان، هەروەها تێبینی بەشداری نێردراوانی دەرەوە و دەرکەوتنی وەرگێڕ و دانەرە بەراییەکانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان دەکەین، کە هەر یەکێکیان بەشدارییان لە بنیادنانی تیورەکانی ئەدەبی بەراوردکاری و باسکردنی کایە کردارییەکانی هەبووە، هەرچەند لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە تا هەندێکیش لە حەفتاکان دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی زیاتری زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری و هەندێک لێکۆڵینەوەی تیوری و پراکتیکی بەراوردکاری دی لە جیهانی عەرەبیدا دەبینین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تا کۆتایی حەفتاکان بارودۆخی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی هەروەک قۆناغی لەدایکبوونەکەی وابوو؛ «چونکە هەتا کۆتایی حەفتاکان، کتێبەکەی محەمەد غونەیمی هیلال تاکە سەرچاوەیەکی ئەدەبی بەراوردکاری بوو، من بەرەنگاری دەکەم ئەگەر هەر کتێبێکی دیکە، خاڵێک، یان لاپەڕەیەکی زیاتری هێنابێ لەوەی کە محەمەد غونەیمی هیلال پێشکەشی کردبێ» (الخطیب، «الادب»، ص٥٤).

### بەرەو دەرچوون لە پەراوێز

ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی هەر لە لەدایکبوونییەوە تا حەفتاکانی سەدەی بیستەم سیمایەکی سەرنجڕاکێشی نەبووە، چونکە کۆششی ئەدیبە بەراوردکارە عەرەبەکان سنووردار بووە بە هەوڵەکانیان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی تێگەیشتنێکی زیاتری ئەکادیمی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری و ڕازی کردنی ئەدەبی کلاسی و چین و توێژە سیاسی و ئایینی و کۆنسەرڤاتیڤە عەرەبەکان بە گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری و هەوڵ دانیان بۆ ڕەنگکردنی بە بۆیەی



**محەمەد غونەیمی هیلال**

ڕەوایی، ئەمەش لە میانەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە کردارییەکانەوە دەردەکەوێت کە لەسەر جوگرافیای ئەدەبیاتی وڵاتانی ڕۆژاوایی و ئیسلامیدا کراوە و بە شێوەیەک ڕێکخراوە کە لەگەڵ زۆربەی حاڵەتەکانی بەرهەمە ئەدەبییە عەرەبییەکانی ئەدەبیاتی ئەم وڵاتانە دەگونجی، ئینجا هەوڵیان داوە سوودی ئەدەبی بەراوردکاری نیشان بدەن لە گەڕاندنەوە و توانایی پارێزگاریکردنی سێنترالی سیاسی و ئایینی و ئەدەبییە ونبووەکەیان، هەرچەندە ئێمە ئاماژەگەلێکی سادەمان بەدی کرد بۆ قوتابخانەی ئەمەریکایی لە بواری وانەی بەراوردکاری ئەدەبیدا، بەڵام ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە بواری تیوریدا بە هاوردەکار و لاساییکەرەوەیەکی تەواوی بەشێکی ئەدەبی بەراوردکاری ڕۆژاوایی دەمێنێتەوە کە ئەویش چەمکی فەڕەنسی کلاسیکی ئەدەبی بەراوردکارییە.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە - بە تایبەتی لە هەشتاکانیدا- ڕێساکانی یارییەکە لە گۆڕەپانی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبیدا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گۆڕا. لەو کاتەوە فراوانبوونێکی بینراو لە بواری تیوری و زەمەنی و شوێنیدا ڕووی دا. ئەوەی پێوەندی بە بواری تیورییەکەوە هەیە، لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە چوارچێوە گشتییەکەی کە پێشەنگە بەرایییەکان لەسەر بنچینەی قوتابخانەی کلاسیکی فەڕەنسی، بە تایبەتی موحەممەد غونەیمی هیلال وێنەیان کێشابوو، دەرچوو و ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی بەرەو تیوری تازەی وەک قوتابخانەی ئەمەریکی و ئەزموونی سلاڤی و لێکۆڵینەوەکانی وێنە و وەرگرتن و لە دواییشدا لێکۆڵینەوە پۆست کۆڵۆنیاڵەکان هەنگاوی نا، هەرچی ئەوەی پێوەندی بە بوارە زەمەنییەکەشەوە هەیە، لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە چوارچێوە زەمەنییە کلاسیکەکەی دەرچوو کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پشتی بە بابەتی کارتێکردن و کاریگەربوون لە نێوان ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبیاتی جیهانی ئیسلامی دەبەست، هەر لە سەردەمە کلاسیکەکانەوە تا دەگاتە کۆتایی سەردەمی عەباسی.

ڕۆڵی محەمەد غونەیمی هیلال لە تەسککردنەوەی ئەم چوارچێوە زەمەنییەی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە عەرەبییەکان دیار و ئاشکرابوو کە پێوەندی ئەدەبی عەرەبی بە ئەدەبیاتی وڵاتانی ئیسلامی لە سەردەمە کلاسیکەکان و پێوەندی ئەدەبی عەرەبی بە ئەدەبیاتی ڕۆژاوایی سەردەمە نوێکان پابەند کردبوو. هیلال ئەم جوگرافیا تەسکەی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە عەرەبییەکان وێنە دەکێشێ و دەڵێ: «بۆ نموونە لە بەشی زمانی فارسی کاریگەری پێوەندییەکانی ئەدەبی عەرەبی لەسەر ئەدەبی فارسی دەخوێنرێت... و کاتێک سەردەمی عەباسی دەخوێنرێت دیسان پێوەندییەکانی نێوان ئەدەبی ئێرانی و ئەدەبی عەرەبی ڕاڤە دەکەین. لە ئەدەبی نوێشدا لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری پێوەندییەکانی نێوان ژانرە ئەدەبییەکانی ئەدەبەکەمان و ئەدەبیاتی ئەورووپی دەخوێنرێت» (الادب المقارن، ص٧٥- ٧٦).

سەعید عەلوش بەم دەربڕین و دەستەواژانە ڕەخنە لەم تەسککردنەوەیە بابەتی و زەمەنییەی ئاراستەی عەرەبی - ئیسلامی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی دەگرێ: «ڕامانکاریش لە خانەی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکاندا (عەرەبی- ئێرانی) ئەوە دەدۆزێتەوە کە ئامانجێکی گەورە بەدەست هاتووە لە لێکۆڵینەوەدا، لەگەڵ سنوورداری بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لە (چیرۆکی میعراج/ مەجنون/ مەقامات/ چیرۆکی ئاژەڵان/ شاهنامە)، چونکە هەموو ئەوانەی خۆیان بەم جۆرە لێکۆڵینەوانەوە خەریک کردووە، کەم و زۆر گرنگی

پێدانەکانیان ڕژاوەتە سەر هەمان ئەو بابەتانە» (علوش، مکونات، ص٦٢١). لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانەوە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە عەرەبی - ئیسلامییەکان لەم چوارچێوە زەمەنییە کلاسیکەدا، بە ئاراستەی هەردوو سەردەمە نوێ و هاوچەرخەکەی دەستیان بە دەرچوون کرد (جمعە، ص ٢٨٣- ٣١٣)، هەروەها جۆراوجۆرییەکی تایبەتی بابەتەکان و چوارچێوەیەکی زەمەنی پێوەندی ئەدەبی بەراوردی عەرەبی بە هاوتا ڕۆژاواییەکەی دەبینین. جگە لەم بەربڵاوییە تیوری و بابەتی و زەمەنییە بەربڵاوییەکی جوگرافی دیاری دیکەش دەبینین. بەم شێوەیە ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە وڵاتی میسرەوە چووە ناو زانکۆ ڕەسمییەکانی سووریا و لبنان، ئینجا بۆ وڵاتە عەرەبییەکانی دی(٤)، هەروەها وڵاتانی عەرەبی دیکەش وەک سووریا و لبنان، لەگەڵ میسر و زانکۆکانیدا هاتنە ناو مەیدانی پێشبڕکێ کردنی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی نێوان ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبیاتی جیهانی ئیسلامیدا(٥). خاڵێکی دیش ئەوەیە کە سەنتەری قورسایی لە پیشەسازی بڵاوکردنەوە لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا لە حەفتاکاندا بۆ لبنان گوێزرایەوە:

«لە ڕووی جوگرافییەوە سەرنجڕاکێشە گۆی بردنەوە بۆ لێکۆڵەرە میسرییەکان بەردەوامی هەبووە، بەڵام ئەم جارەیان لە میانەی چالاکی وانەگوتنەوە و نووسینی کتێبدا لە بەیرووت بووە. ئاشکرایە لە حەفتاکاندا سەنتەری قورسایی پیشەسازی بڵاوکردنەوە و چالاکی ڕۆشنبیری بە پلەی یەکەم لە لبنان بووە. ئەو چوار کتێبەی ناونیشانەکانی بەراوردکاری لەسەر بووە لەم ماوەیەدا لە لبنان و پێنجەمیش لە بەغدا چاپ کراوە». (الخطیب، افاق، ص ٢٥٢).

جگە لەم بەربڵاوی تیوری و زەمەنی و شوێنییە بینراوانەی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا تێبینی ناردنی ژمارەیەکی باشی توێژەرانی عەرەبمان کردووە بۆ وڵاتە جۆراوجۆرەکانی وەک ئەڵمانیا و ئیسپانیا و ڕووسیا و... تاد، هەروەها ئەو وڵاتانەی کە ئینگلیزی زمان و فەرەنسی زمانن. لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمیشدا تێبینی ئەوەمان کردووە کە جۆراوجۆرییەکی تایبەت لە بڵاوکراوە وەرزییە ئەدەبییەکان هەبووە و لە هەندێک ژمارەی تایبەتدا باسی وانەی بەراوردکاری ئەدەبی کراوە. هەر لەو ماوەیەدا ڕێکخستنی کار و بەرهەمی بەراوردکارە عەرەبەکان لە شێوەی کۆنفرانس و پێوەندییەکان دەستی پێ کردووە. ڕاگەیاندە بیستراو و بینراوەکانیش- ئەگەر چی ڕێژەیی بوونە- بایەخیان بە ئەدەبی بەراوردکاری داوە و لە دواییدا بزووتنەوەیەکی وەرگێڕان و دانانی کتێبیش دەستی پێ کردووە (الخطیب، افاق، ص ص ٢٦٥-٢٨٣)(٦). لە پەرەسەندنێکی ڕوونتردا، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە سیمای جیاکەرەوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا کۆششە بێ وچانەکەیەتی لە بواری تیوریزەدا، ئەوەش بە لێک نزیک کردنەوەی ڕێبازە تیورە ڕۆژاواییەکانی ئەدەبی بەراوردکاری بوو بۆ شارستانیەتی و کولتووری باوی عەرەبی و ئیسلامی لە جیهانی عەرەبیدا، یان دامەزراندنی ئەزموون و قوتابخانەیەکی ئەدەبی بەراوردکاری دی بوو کە تێیدا مەودای گرنگی پێدانی ئەدیبە بەراوردکارە عەرەبەکان لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە و بیروڕایان لە مەیدانی جیهانی ئەدەبی بەراوردکاریدا نیشان بدات. ئەم هەوڵدانانە بووە هۆی ئەوەی زاراوەگەلێکی تازە بێنە ناو مەیدانی ڕەخنەی بەراوردکاری عەرەبی و ئیسلامی، ئەگەرچی ئەو زاراوانە لەبەر بێ توانایی لە داڕشتنی تیوریکی نوێدا، سنووری جوگرافی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانی تێپەر نەکرد، چونکە لە بنچینەدا هیچ میتودێک لە ئارادا نەبوو. کێشەیەکی ڕوونی دیکەش دەرکەوتبوو، ئەویش ئەوە بوو لەو کاتەدا هیچ خستنەسەرێکی تازەی لە بوارەکانی ئەدەبی بەراوردکاری جیهانی تێدا نەبوو.

لەناو ئەم زاراوانەدا، زاراوەی «قوتابخانەی عەرەبی» بە دیار کەوت. بەو پێیەی کە یەکەمین هەوڵی ئەدیبە بەراوردکارە عەرەبەکان بوو لەو بوارەدا. زاراوەکە بە تەواوی میتود و تیوریزەکردنی تێدا نەبوو و هەموو غەمی ئەوە بوو ئەدەبێکی بەراوردکاری لەسەر میتودە ڕۆژاواییە ناسراوەکانی ئەو کاتدا دابمەزرێنێ و پروپاگەندەی بۆ بکا. لە جیاتی ئەوەی وەربگرێ و تیوریزەی بکا، دەیویست بە ڕەنگێکی عەرەبی بۆیەی بکا، هەروەها بەراوردکارە عەرەبەکان لە دامەزراندنی ئەم زاراوەیە پشتیان بە فەزا جوگرافییەکە بەستبوو کە ئەزموونە عەرەبییەکەی تێدا

درێژ بووبووەوە لە بواری وانەی بەراوردکاری ئەدەبیدا. هەرچەندە زاراوەی قوتابخانەی عەرەبی بە مانا ئەکادیمییەکەی هیچ شتێکی نوێی لە بواری تیوریزەدا پێشکەش بە مەیدانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی و جیهانی نەکرد، بەڵام وەک هەوڵدانێکی ئەدەبی بەراوردکاری گرنگ لە ناوەندە بەراوردە عەرەبییەکان دەمێنێتەوە و گۆشەگەلێکی گرنگ و شاراوەمان لە پەیامی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی پێ نیشان دەدات و بەو هۆیەوە لە پەنجەرە نوێکانییەوە دیمەنی ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا دەبینین.

دەرکەوتنی قوتابخانەی عەرەبی لە وانەی ئەدەبی بەراوردکاریدا لە بنچینەدا بەو گەرایشە عەرەبییە گرێ دراوە، کە لە میراتی عەرەبیدا لەسەر خود بنیادنراوە، ئەمەش لەو دەرکەوتنانە دەبینین کە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا لەناو هۆزە هەڵبژاردەکان و چەمکی نەتەوەی عەرەبی بەرانبەر گەلانی غەیرە عەرەبی دی لە سەردەمە کلاسیکەکانی پاش دەرکەوتنی ئیسلام هەبوون، هەروەها زاراوەکە لەگەڵ چەمکی جیهانی عەرەبی و یەکێتی عەرەبی و بلۆکی عەرەبی لە سەردەمی نوێدا بەیەکەوە لکاون و ئیمڕۆکە دەرکەوتەکانی لەوەی کە ناسراوە بە بەهاری عەرەبی، دەبینین. چەمکی قوتابخانەی عەرەبی لە بواری لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکەیدا بە پێی توانایی خۆی هەوڵی پەیوەستبوون دەدات لە قۆناغی پۆست کۆڵۆنیالیزمدا لەگەڵ بنچینە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ئابووری و ئەتنیکی و زمانەوانییەکانی دیدا، بۆ یەکگرتنەوەی جیهانی عەرەبی کە کۆڵۆنیالیزم کردبوویە جیهانگەلێکی عەرەبی جیا لە یەکتر و بە هەموو لایەکدا بڵاوەی پێ کردبوون، هەروەها بۆ وەستان بوو لە دژی زاراوە ئیمپریالیستەکانی وەک ئەدەبی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و ئەدەبی عەرەبی لە ڕۆژئاوای عەرەبی، یان بۆ وەستان بوو لە دژی خستنەسەری ئەدەبی عەرەبی بۆ سەر سنووری جوگرافی و سیاسی لە میسر و ئەدەبی عەرەبی لە لبنان و وڵاتەکانی دیدا.

ئەو سەربەخۆییە سیاسییەی کە دەبێتە بنچینە بۆ جیاوازی ئەدەبەکان چییە؟ ئایا قەوارە سیاسییە لەیەک جودابووەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بە سەرچاوەی جیاوازە جەوهەرییەکان لە نێوان ئەدەبە عەرەبییەکانی وڵاتە عەرەبییە جۆراوجۆرەکاندا دادەنرێن؟ ئایا هەر لێکۆڵینەوەیەکی هاوسەنگی (الموازنة) لە نێوان شیعری نوێی عەرەبی لە میسر و شیعری نوێی عەرەبی لە لبنان لە ناو بابەتەکانی ئەدەبی بەراوردکاری دادەنێین؟ لە کەتواردا ناکرێت تەنیا سنووری سیاسی بە مەرجێکی شیاو دابنرێت بۆ گوتنی جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان ئەدەبەکان و بیانکاتە ئەدەبی جیاواز لەیەکتری، وەک ئەوەی کە لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی نێوان ئەدەبی زمانە جیاوازەکاندا دەخوێنرێت (کفافي، في الادب، ص٢٤).

زاراوەی قوتابخانەی عەرەبی بەشێکی گەورەی نهێنی ئەو گرنگی پێدانە بێ هاوتایە ئاشکرا دەکات بە قوتابخانەی فەرەنسی لە لایەن ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی و فەرامۆشکردنی قوتابخانەکانی دی(٧)، هەروەها ئەو پەرۆشی و جۆشوخرۆشەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کاتێ کە هەندێک لە پێشەنگەکانی وانەی بەراوردکاری ئەدەبی لە جیهانی عەرەبیدا لە دانراو و لێکۆڵینەوەکانیاندا زاراوەکەیان بەکارهێناوە و برەویان پێ داوە (علوش، مدارس، ص٥٩- ٩٣). جگە لەم ئایندەبینی و پۆست کۆڵۆنیالیستییە، پەرۆشییەک و دڵ لێدانێک دەبینین لە زاراوەی قوتابخانەی عەرەبی بۆ ڕابوردوو و سەردەمی پێش کۆڵۆنیالی، ئەو کاتەی جیهانی عەرەبی تا ڕادەیەک بەرخوردار بوو لە یەکێتی کولتووری و تا پلەیەک لە لووتکە و سەنتەر و چەقی بینینی نیگاکانی عەرەب و عەجەم، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، باکوور و باشووردا بوو.

جگە لە زاراوەی قوتابخانەی عەرەبی بۆ وانەی بەراوردی ئەدەبی، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا ئامادەبووبی ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامی، یان قوتابخانەی ئیسلامی بۆ وانەی بەراوردی ئەدەبیش تێبینی دەکەین و لە گۆڕەپانەکانی وانەی بەراوردی ئەدەبی وڵاتە ئیسلامییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی و لە جیهانی عەرەبیدا بە دیاریکراوی خۆی نیشان دا.

دەرکەوتنی زاراوەکە بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی ئەو بە سەربازبوونە بەهێزەی ڕەوتە ئایینییەکان بوو لە مەیدانەکانی ئەدەبیاتی وڵاتانی ئیسلامی و بە دیاریکراویش لە ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا، هەروەها لە

ئەنجامی کاردانەوەی هەندێک لە ئەدیبەکان بوو بەرانبەر ڕۆژاوا و ڕەنگ کردنی ئەم لقە بوو بە بۆیەی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی. زاراوەکەش دەربڕی گەڕایشێکی چەقگیری عەرەبی بووە لە چواردەوری خوددا، کە خۆی وادەبینێ کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر هەموو ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکەی ئیسلامی داناوە.

ڕەگوریشەی ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامی بە سەنترالّی ئیسلامی بەستراوەتەوە. نواندنەکانیشی لە سەردەمە کلاسیکەکانی ئوممەتی ئیسلامیدا دەبینین بەو جۆرەی کە وا خۆی وەسف دەکات کە گەڕایشێکی ئایینی سەرووی ڕووبەڕووبوونەوەی گەلانی غەیرە ئیسلامییە و ناوی ئوممەتی هەڵبژاردەی لێ نراوە. هەروەک بۆ نموونە ئەمە لە قورئاندا هاتووە (٣: ١١٠)، هەروەها ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامی لە سەردەمی نوێدا خۆی بە کێشەی یەکێتی ئیسلامی و بلۆکی سێیەمەوە دەبەستێتەوە (بڕوانە قطب، الزیات، عطیفە). نواندنێکی دی لە لێک نزیک کردنەوەی نێوان ئایینزاکان و لە کۆتاییدا لە ڕۆژگاری ئێستاماندا لە بەهاری ئیسلامی، یان هەر وەک خۆیان وا دەریدەبڕن لە بە ئاگاهاتنەوەی ئیسلامیدا دەبینین(٨)، چونکە ئوممەتی هەڵبژاردەی ئیسلامی لە سادەترین شێوەکانیدا پێویستی بە ئەدەبی ئیسلامی هەڵبژاردە هەبووە. ئەدەبی ئیسلامی هەڵبژاردەش پێویستی بە ئەدەبی بەراوردکاری هەڵبژاردە بووە کە خۆی لە ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامیدا دەبینێتەوە(٩).

بە پێچەوانەی قوتابخانەی عەرەبی لە وانەی بەراوردی ئەدەبییدا کە لە سەرەتاوە نموونەی فرەیی - ئاسۆیی و تۆڕێکی فراوانی پەیوەندییە بەرهەمهاتووەکانی نێوان ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوای بەکارهێنابوو، ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامی لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە بەراییەکانیدا نموونەی دوانە - ستوونی بەکارهێنا لە بوارە تیوری و زەمەنی و شوێنەکەیدا. ئەوەی پەیوەندی بە تیورەوە هەیە ئەدەبی بۆ ئەدەبی پابەند و ئەدەبی ناپابەند دابەش کرد. لە بوارە زەمەنەکەیەوە، زەمەنەکەی بۆ سەردەمی نەزانی و ئیسلامی دابەش کرد. لە بواری شوێنیشدا، جیهانیان بۆ ماڵی ئیسلام و ماڵی کوفر دابەش کرد. بەم شێوەیە بازنەی وانەی بەراوردی ئەدەب لە ئەدەبی پابەند و سەردەمی ئیسلامی و جوگرافیای ماڵی ئیسلامدا تەسک کرایەوە. لەم ڕوانگەیەوە تەها نەدا بانگەوازی سڕینەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژاوایی کرد لە بازنەی گرنگی پێدانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبیدا و لە پێشەکی کتێبەکەیدا سنوورێکی جیاکەرەوەی لە نێوان هەر دوو تایبەتمەندییەکە دانا:

«کاریگەرییەکانی ئەوروپی- لە ڕاگەیاندن و ئەدەبە نیشتمانییەکان- وەک عەرەب بۆ ئێمە گرنگ نییە، بەرانبەر بەمە پێویستە چەقی گرنگی پێدانەکانمان بخەینە سەر خانەی کۆمەڵە ئیسلامییەکان- بۆ نموونە ئێران و تورکیا- بە واتایەکی دی وانەی بەراوردی ئەدەبی دەبێ سیمای ئەو نەخشەی هەڵگرتبێ کە کاریگەرییە ئیسلامییەکان وێنەی دەکات» (علوش، مدارس، ص٢٥٥). ئامانجی تەها نەدا لە داواکەی بۆ «بە دەستهێنانی گرنگی لە ئەدەبی میللی و پەرەپێدانی خود» نەبوو (ندا، الادب، ص٩٤-٩٥)؛ بەڵکو مەبەستی ڕامکردنی وانەی بەراوردی ئەدەبی بوو بۆ مەبەستی سیاسی و ئایینی و «ئامانج لە بانگەوازەکەمان ڕووکردنە ئەدەبیاتی ئیسلامییە تا گرنگی پێدانەکەی زیاتر بێت و کەسایەتیەکەمان گەشەبکات و ئەو هۆکارانە وەربگرێ کە ئەنجامەکەی لێک نزیک کردنەوەی گەلانی ئیسلامیمانە بە شێوەیەک کە باوەڕم وایە بەردەوامتر و مایندەتر دەبێ» (الادب، ص٩٨).

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، تەها نەدا بۆ چالاکییە سیاسی و ئابوورییەکانی لە ئەلتەرناتیڤێکی دی دەگەڕێ، چونکە کۆنفرانسەکانی لێک نزیک کردنەوەی ئایینزا ئیسلامییەکان نەیانتوانیوە واقیعی ئوممەی ئیسلامی و عەرەبی بۆ پێشەوە بەرن و کارایییەکەی تەنیا لە بازنەی بەیاننامەی کۆتایی و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ماوەتەوە:

لە کەتواردا بارودۆخی لێکگەیشتن و نزیک بوونەوەی موسڵمانان لەگەڵ یەکتردا گەلێک پەرێشانە. بۆ نموونە ئەوان ئەگەر لەناو خۆیاندا هەست بە گۆشەگیری بکەن، یان گوشاری دەوڵەتە گەورەکانیان لەسەربێ، تەنیا ڕوو دەکەنە بزاڤ و چالاکی لە بازنەی سیاسیدا. سیاسەتیش تەنیا بوارێکی کاتی و هەڵگەڕاوەیە. لەوانەیە هەندێک کاتیش بەرەو بزاڤ و نزیک بوونەوە بچنە بواری ئابوورییەوە؛ بەڵام پلانێکی بەردەوام و سەقامگیرم لەم بوارەدا لێیان نەدیوە. ئەو بوارەشیان کاتی و ناجێگیرە، بەڵام ئەدەب لە دوای ئیسلامەوە بۆ ئەم ئوممەتە دەکرێ

ببێـتـە بوارێکی هەمـیـشـەیی و سەقـامگیـر. (الادب، ص٩٧).

کـەواتە زاراوەی ئەدەبی بەراوردکـاری ئیـسـلامی، یان قـوتابخـانەی ئیـســلامی ئەدەبی بەراوردکـاری بە دەست گرفتگەلێکی جەوهەرییەوە دەناڵێنێ، کە لە بنچینەدا بە نەبوونی میتود و دیاری نەکردنی ناسنامەکەی و فراوانی سنوورەکەی و خۆخستنە ژێر ڕکێفی بارودۆخی زەمانی و شـوێنی و پابەندبوون بە ڕێبـازی ئەدەبی بەراوردکـاری ئیسلامییەوە بەستراوەتەوە کە ڕێگامان نادات ئەدەبیاتی موسڵمانان لەگەڵ ئەدەبیاتی ئایینەکانی دیکەدا بەراورد بکەین؛ چونکە بەهۆی ئەدەبی پابەندەوە خۆیان لە بازنەی بەراوردکـاری ئەدەبیـاتی مـوسـوڵـمـانان قـەتیس دەکـەن. ئەنجامەکەشی دەرچوونی ئەو بەشە گەورەیەی ئەدەبیاتی ئیسلامی لێ دەکەوێتەوە کە لەگەڵ ئاکار و پرنسیپەکانی ئیـسلامـیدا یەک ناگرێـتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەر گرووپێکی موسڵمانان ڕوانینی تایبەت بە خۆیانیان هەیە و لە زۆربەی حـاڵەتەکـاندا دژە بەرانبـەر بە بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی گـرووپە مـوسـڵـمانەکانی دیدا. لە لایەکی دیکەوە ئایا ئەم میتودە دان بە بەرهەمی ئەدیب و توێژەرە کـریسـتـیـان و جوولەکە و پەیڕەوکارانی ئایینەکانی دی دانیـشـتـووی وڵاتە ئیـسـلامـیـیـەکاندا دەنێت ؟ یان لە بازنەی ئەدەبی ئیسلامی دەریان دەکات؟ جگە لە هەموو ئەمانە کێشەگەلێکی زۆری دیش هەن نیشاندەری ئەوەن کـــە بەکـــارهێنانی زاراوەی (ئەدەبی بەراوردکـــاری ئیـــســلامی) بەو مـەودا تەسک و سنووردارییـە هیچ پاسـاوێکی نیـیـە لە لێکۆڵینەوە بەراوردکـارییـەکـاندا (هریدی، ص٢٥-١٧). هەر بـە تـەنـیـــــا ئـەدەبی بەراوردکاری ئیسلامی ئەو نهێنییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لە پشت هەوڵەکانی هەندێک لە بەراوردکارە عەرەب و فـــارســەکـــان بووە بە گـــەڕاندنەوەی پێـــشـــەنگی لێکۆڵینەوەی عەرەبی بەراوردی پراکتیکی و پێشەنگی لێکۆڵـینەوەی عــەرەبی بەراوردی تیــوری بۆ ئاراسـتــە عـەرەبی- ئیـسـلامـیـیـەکەی، نەک ئاراسـتـە عـەرەبی - ڕۆژاواییەکەی (بکار، جماعە الدیوان، ص١٩؛ خضری، «الـدراســـــــــات»، ص ٤٦- ٥٦)، هـەروەهـا ئـەو نهێنییەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن لە ڕەگوڕیشەی ئەدەبی بەراوردکاری لە میـراتی کـلاسیکی عـەرەبی - ئیـسـلامی گـەڕاون بۆ ڕیشـەکێش کـردن و وەرگـرتنەوەی چاکـەکـەی لە ئەدەبی ناپابەند و (دار الکفـر)ی نەزانی سـەدەی بیـسـتــەم (مکی، لە ئەدەبی بەراوردکـاردا، ص١٣). نهێنییـەکی دیشـمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە چۆن ناوەندەکانی ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی ئیسلامی - بە تایبـەتی لە ئێران - پێشـوازییان لە هەندێک لە ئەدیبە بەراوردکـارە عـــەرەبەکـــان و دانراوەکـــانیـــان کـــردووە و گـرنگیـیـان بەوانی دی نەداوە، هەرچەندە زۆر ناسـراو و بەناوبانگتریش بوونە(١١).

خـاسیـەتێکی دی ئەدەبی بەراوردکاری لە جـیـهـانی عەرەبیدا زۆری کتێبە وەرگێڕراو و کتێبە تیۆرییەکانە لە بواری وانـەی بەراوردی ئـەدەبەوە، کــــە بـە کــــەمی هاوشـێـوەکەی لە ئەدەبیـاتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایی دیدا دەبـیـنین. لە بارەی دانـان و وەرگـــێـــڕانی ئـەدەبی بەراوردکـــاری لای عــەرەب، عــەلی شـەلەش دەپەیڤێ و دەڵێ:

«ژمـارەی کـتـێـبـە دانراوەکـانی ئەدەبی بەراوردکـاری دەگاتە ٤٨ کتێب و وەرگێڕراوەکانیش پێنجن. باشتر بوو وەرگێڕانەکە لە دانانەکەی زیاتر با، یان بە لانی کەمەوە وەک یەک بان. خـودی ئەم ژمـارانە مـایەی سـەیری و سەرسوڕمـان نییـە، چونکە لە فـەڕەنسی و ئینگلیـزیدا ژمارەکە زۆر کەمـترە. ئەگەر بەراوردکارێکی فەڕەنسی، یان ئینگلیـزی، یان ئەڵـمـانی ئەو ژمـارەیە ببـینێ، یان ئەوەتا لە جـیـــهـــاندا بە سـەروەر و سـەردارانی ئەدەبی بەراوردکـاریمان دەزانی، یان گـومـان لە ڕاستی ژمـارەکە دەکات، یان بە دزین و پێ ڕابواردن تۆمەتبارمان دەکات. خـۆزگـە قـەبارەی ئەو کـتـێـبـە دانراوانەشی دەدیت. هەندێکیان دەگاتە ١٢٢٥ لاپەڕە (کتێبی ئەلعەقیقی لە سێ بەرگ پێکهاتووە) و هەندێکی دیش بێ فیزی دەکا و بۆ ٨٣٠ لاپەڕە دادەبەزێ (کتێبی عەلوش)، یان ٦٩٠ لاپەڕە (کـتـێـبی ئەلطاهر مـەکی سەبارەت بە بنەمـا و پەرەسـەندن و مـیـتـودەکـان). ئەگـەر ئەو بەراوردکـارە بێگانەیە ئەم قەبارانە لەگەڵ قەبارەی کتێبەکـانی لای خـۆیان بەراورد بکات زیاتر واقی وڕدەمـێنێ و سـەیری پێدێ!» (ص١٢٤).

هەرچەندە بزووتنەوەی دانانی کـتـێب و وەرگـێـڕان لە بواری وانەی بەراوردی ئەدەبدا لە جـیـهـانی عـەرەبی لە(١٩٩٥)ەوە تا ئیمڕۆ نەوەستاوە، «ژمارەی کتێبە تیـۆرییـە [بەراودکـارییـە] دانراوە عـەرەبییـەکـان، ئەو

ژمارەیە دەرباز دەکا کە بە هەر زمانێکی زیندووی دیدا بە ئینگلیزی و فەڕەنسیشەوە نووسراون، بگرە ژمارەی ئەو کتێبانە لە ژمارەی هەموو ئەو کتێبە تیۆرییانەی کە پێکەوە لە فەڕەنسا و بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا نووسراون تێدەپەڕێنێ» (اصطیف، ص ص١٢-١٣)(٢١). ئەم گرنگی پێدانە بە وەرگێڕان و دانانی کتێب، بێ هاوتا و پێوانەییە و خۆی لە خۆیدا خەسڵەتێکی بە نرخە لە بواری ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبیدا و مژدەی داهاتوویەکی ڕووناکی لێ دەکرێ، بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوە فیمینیستی و پۆست کۆڵۆنیالیزمەکان کە ئیمڕۆ پیشەوایی ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبی دەکا، ئەمە لە کاتێکدایە کە بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان لە بواری وانەی بەراوردی ئەدەبی لە جیهانی ڕۆژاوادا کەم بووەتەوە و لە پایتەختە ڕۆژاواییەکاندا قەیراناوی بووە. (Ghazoul 119)

**پەراوێزەکان:**

(١) ئەم توێژینەوەیە بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی «بەراوردکارە عەرەبەکانی ئیمڕۆ» کە لە ٢٩- ٣٠ نیسانی ٢٠١٣ لە کازابلانکا بەسترا، بە ناوونیشانی «لە پەراوێزەوە بۆ سەنتەر: ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا» پێشکەش کرا. سوپاسی یووسف بەکار و عەبدولکەریم جرادات (زانکۆی یەرموکی ئوردنی) دەکەم بۆ پێداچوونەوە تێکستەکە، هەروەها سوپاسی فریال غەزول (زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە) دەکەم بۆ پێشنیازەکانی کە پێوەندییان بە گۆڕینی ناوونیشانی توێژینەوەکە و خستنە بەر دەستی سەرچاوەی زیاتر بۆ خوێندنەوە هەبوو.

(٢) زۆربەی توێژەرەکان پێیان وایە کە کتێبەکە لە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە و وەرگێڕەکەشی سامی ئەلدەرووبییە.

(٣) مەبەست لە چەمکی «بەراوردکاری» لە میراتی کلاسیکی عەرەبیدا مانای گشتی پرۆسەیەکە کە بە شێوەیەکی گشتی لە هەندێک ڕەوتی جیهانی و مرۆڤایەتی ئەدیبە کلاسیکەکانی وەک جاحظ (هلال، في النقد، ص ١١٢)، هەروەها لە هەندێ بیروڕا ڕەخنەییەکانی ئەوانەی دوو زمانیان زانیوە دەربارەی وەرگێڕان و چییەتییەکەی وەک عەبدولقاهری جورجانی (سلامە، ص ص ٩٣- ١١٤) و ئەوەی بە میرات بۆمان ماوەتەوە لە موازەنەکان، کە لە چوارچێوەی هەمان زماندا ئەنجام دراون (بڕوانە الامدي؛ الجرجاني)، و «لێکۆڵینەوەی دزینە ئەدەبییەکان کە لەسەر بنچینەی نێچیرکردنی ڕووە لێکچووەکانی نێوان شاعیرێک و شاعیرێکی دی ئەنجام دەدرێت، بە مەبەستی کەمکردنەوەی پلەی شاعیرە کارتێکراوەکە» دەرکەوتوون (هلال، قضایا معاصرە، ص٤٨)، و...تاد.

(٤) وانەی ئەدەبی بەراوردکاری لە سەرەتای ساڵی(١٩٧١)ـەوە هاتووەتە ناو زانکۆ ڕەسمییەکانی سووریا و لبنان. لە ناوەڕاستی حەفتاکان بۆ ناو زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و لە شەستەکان و حەفتاکانیشدا هاتووەتە ناو زانکۆکانی ڕۆژاوای عەرەبی (الخطیب، افاق، ص ص ٢٤٣-٢٤٤). پاش هاتنی وانەی ئەدەبی بەراوردکاری بۆ زانکۆی مەغریبی لە ساڵی ١٩٦٣ ئەمجەد تەرابلسی وانەکەی گوتووەتەوە، هەروەها ئەم وانەیە لە زانکۆ فەرمییەکانی توونس لە ساڵی (١٩٧٢)ـەوە دەخوێنرێت (علوش، مکونات، ص ص ٦٦٦- ٦٧٦).

(٥) بایەخدان بە پێوەندییەکانی نێوان ئەدەبی عەرەبی و فارسی لە سووریا بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە ساڵی (١٩٧٧)ـەوە دەستی پێ کردووە، کاتێ کە محەممەد عەدنان حوسەین لە زانکۆی مانچستەر گەڕایەوە. کتێبەکەی محەمەد ئاڵتونچی لەم بوارەدا بە یەکەم کتێب دەژمێررێت.

(٦) لەم وەرزنامانەدا: المعرفة و الاداب الاجنبیة والموقف الادبي في سووریا؛ عالم الفکر؛ مجلات البلاغة المقارنة وفصول من مصر، هەروەها تێبینی ئەوە بکە ژمارەیەک کۆنفرانسی وەک «کۆنفرانسی ئەدەبی بەراوردکاری» لە زانکۆی ئەلمینیای میسر (١٩٨١) و «دیداری نێودەوڵەتی دەربارەی ئەدەبی بەراوردکاری لای عەرەب»، دواتر ناوەکەی بووەتە «دیداری ئامادەکاری بۆ ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی» لە زانکۆی عەنابەی جەزائیر (١٩٨٣)، «کۆنفرانسی یەکەمی بەراوردکارە عەرەبەکان» لە مەراکش (١٩٨٩)، ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ دامەزراندنی (یەکگرتووی عەرەبی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری»، (١٩٨٤) و «کۆمەڵەی میسری بۆ ئەدەبی بەراوردکاری» (١٩٨٥)، کە کتێبی ساڵانەی یەکەمی خۆی لە ساڵی ١٩٩١ دەرکرد و «یەکگرتووی مەغریبی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری» بەسترا.

(٧) قوتابخانەی عەرەبی بەشی هەرە زۆری کۆششەکانی بەراوردکارە عەرەبییەکان لە خۆ دەگرێت، هۆکاری زۆر لە پشت ئەم دیاردەوە هەیە و هەندێکی بەستراوەتەوە بە یەکەم دەرکەوتنی ئەم قوتابخانەیە لە جیهانی ئەدەبی بەراوردکاری لە وڵاتە ڕۆژاواییەکان، ئینجا وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، هەندێکی دیش بەو پێوەندییانەوە گرێ دراون کە لە سەرەتای سەردەمی ڕێنیسانس لە نێوان وڵاتە عەرەبییەکان و فەڕەنسادا هەبووە، کە نەوەی یەکەم و پێشڕەوانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی تێدا دەرچوونە و کاریگەرییەکی گەورەیان لە ناوەندە ڕەخنەیی و بەراوردکارییەکان داناوە؛ هەر لە

دەرکەوتە یەکەمینەکانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان تا بە ئیمڕۆمان. سەرباری ئەمانە هەندێک هۆکاری دی هەیە لە پابەندبوونی ئەدیبە بەراوردکارە عەرەبەکان بە ڕێبازی لاساییکردنەوەی قوتابخانەی فەڕەنسی لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکەن، بەرجەستەترینیان (موحەمەد غونەیمی هیلال)ە کە بە دامەزرێنەری ئەدەبی بەراوردکاری جیهانی عەرەبی ڕێبازی قوتابخانەی فەڕەنسی تەقلیدی دەژمێردرێت. بێ گومان غونەیمی هیلال هەر لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئیمڕۆمان کاریگەرییەکی بەرجەستەی لە ڕێڕەوی ئەدەبی بەراوردکاری جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هەبووە. لێکۆڵینەوە تیورییەکانی، تاکە سەرچاوەیەک بووە ئەدیبە بەراوردکارەکانی جیهانی عەرەبی تا کۆتایی حەفتاکان لاساییان کردووەتەوە. لەوکاتەوە تا ئیمڕۆ لێکۆڵینەوە تیورییەکانی لە مێژووی وانەی بەراوردکاری ئەدەبی لە جیهانی عەرەبیدا شوێنێکی گرنگی بۆ خۆی پاراستووە، هەروەها لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئیمڕۆ لێکۆڵینەوە پراکتیکەکانی بوونەتە جێی بایەخی زۆر لە ئەدیبە بەراوردکارەکانی جیهانی ئیسلامی. جگە لەمە دەبێ ئاماژە بۆ بیری بەدیهاتنی یەک ناسنامەی عەرەبی بکەین لە لای هەندێک لەو ئەدیبە بەراوردکارە عەرەبانەی گرنگییان بە پێوەندییەکانی عەرەبی- ئیسلامی داوە. شتێکی ئاساییە ئەم ئەدیبە بەراوردکارە عەرەبانە بەرەو قوتابخانەی فەڕەنسی بچن بۆ دۆزینەوەی ناسنامەیەکی عەرەبی بنیادنراو لەسەر زمان و ڕۆشنبیری عەرەبی، لە کاتێکدا قوتابخانەی ئەمەریکی پشت بە نەتەوە و سنووری جوگرافی و سیاسی دەبەستێ، ئەمەش لەگەڵ بەدیهاتنی یەک ناسنامەی عەرەبی یەک ناگرێتەوە. بەم جۆرە قوتابخانەی کلاسیکی فەڕەنسی ڕێگای داوە بە بەراوردکارە عەرەبەکان گوزارشت لە جیهانی عەرەبی بکەن بەوەی کە یەک بلۆکن بە بێ ڕەچاوکردنی سنوورە سیاسی و جوگرافیاکەی و هەندێک جاریش تایبی حکومەتە جۆراوجۆرە دژ بە یەکەکان، هەروەها پابەندبوون بە ڕێبازی قوتابخانەی عەرەبی لەگەڵ ڕەوتی سێنترالێی عەرەبی دەربارەی خود دەگونجێت کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەدەبیاتی دیکەی ئیسلامی داناوە. ئەم دیاردەیەش بە کەمی لە ئەدەبیاتە جۆراوجۆرەکانی دیکەی جیهاندا دەبینین. ئەو ڕەوتە وا دەبینێ کە شاکارە ئەدەبییەکان و دیوانە شیعرییەکانی شاعیرانی ئەدەبیاتی جۆراوجۆری ئیسلامی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری ڕۆشنبیری عەرەبی - ئیسلامی و زمانی عەرەبی و ئەدەبیاتەکەی لەسەرە، ئەمەش دواتر باشتربوونی ئەدەبی عەرەبی بەسەر ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی ئیسلامیدا دەسەلمێنێ. لەم دەستپێکەوە ئامانجی گەورەی هەندێک لە ئەدیبە بەراوردکارەکانی جیهانی ئیسلامی دەردەکەوێت لە پابەندبوون بە ڕێبازی قوتابخانەی فەڕەنسی بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی کە ئەدەبیاتی نووسراوی زمانە جۆراوجۆرەکانی وڵاتە ئیسلامییەکان بە یەک ئەدەب بژمێردرێت، نەک بە ئەدەبیاتێکی لێکچوو. ئەم کارەش لەگەڵ داواکارییەکانی بانگخوازە گەورەکان یەک دەگرێتەوە کە بۆ یەکێتی ئوممەتی ئیسلامییان دەکرد و دواتریش جێی خۆیان بۆ کردنەوەی ڕێگایەک بۆ ئەو بانگخوازانە چۆڵ کرد کە داوای نزیککردنەوەی ئایینزا ئیسلامییەکانیان دەکرد، هەروەها پابەندبوون بە ڕێبازی قوتابخانەی فەڕەنسی ڕێگای بە ئەدیبە بەراوردکارە عەرەبەکان دەدا بایەخ بە پێوەندییەکانی عەرەبی- ئیسلامی بدەن بەوەی کە هەر کتێبێک لە وڵاتە عەرەبییەکان بە زمانی عەرەبی نووسرابێت بە بەشێکی ڕۆشنبیری عەرەبی بزانن، ئەمەش بەشێکی گەورەی میراتی ئیسلامی پێک دەهێنێ: «سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەدەبیاتی گەلان، زمانەکانە. نووسەر، یان شاعیر ئەگەر بە عەرەبی نووسی، با سەر بە هەر نەژادێکی مرۆڤی بێ، ئەدەبەکەی بە ئەدەبێکی عەرەبی دەژمێرین، لەبەر ئەوە کتێبە نووسراوەکانی فارسەکان کە بەرهەمەکانیان بە عەرەبی نووسیوە دەچنە ناو بازنەی ئەدەبی عەرەبی، نەک فارسی» (جمال الدین، الادب المقارن، ص٥). توێژەر ئەمینە ڕەشید یەکێکە لەوانەی کە پسپۆڕییان لە ئەدەبی فەڕەنسی و وانە گوتنەوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی قاهیرە وەرگرتووە. سەیری ئەو کتێبەی بکە کە تازە بە ناوونیشانی (ئەدەبی بەراوردکاری و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکانی (تیوری ئەدەب) دەرچووە، هەروەها باسکردنی کتێبەکە بە قەڵەمی سیزا قاسم.

زاراوەی (بەهاری ئیسلامی)، یان (بێداری ئیسلامی)، یان هەندێک جار بە گاڵتەجاڕییەوە بە پاییزی ئیسلامی، یان زستانی ئیسلامی گوزارشتی لێ دەکرێت، ئەو زاراوەیە کە هەوڵی خوێندنەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشەکانی جیهانی عەرەبی و دەرەوەی جیهانی عەرەبی - بە تایبەتی جیهانی ئیسلامی- دەدات. دەربارەی زاراوەکە و پرۆبلەماتیک و پێوەندییەکەی بە بەهاری عەرەبی بڕوانە Israeli; Guidere؛ الشهابی؛ .Harrison

(٩) زاراوی (ئەدەبی ئیسلامی) چووەتە ناو مەیدانە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی وڵاتە ئیسلامییەکان، بە تایبەتی عەرەبییەکان، هەروەها تێبینیمان کردووە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرانی ئەدەبیاتی ئیسلامی چاویان لە «دارشتنەوەی زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێ بووە، کە لە ناخ و سروشتی ئەدیبە موسڵمانەکانەوە دەرچووبێ و بەرهەمی داهێنانی جوانی ئەدەبی بگرێتە خۆی» (هریدی. ص ١٥). کارەکە بووە هۆی دەرکەوتنی دوو زاراوە، کاتێ هەندێکیان زاراوەی (ئەدەبی ئیسلامی) یان گەلاڵە کرد و ئەوانی دیش زاراوەی (ئەدەبیاتی گەلانی ئیسلامی) یان (ئەدەبێکی ئیسلامی)یان گەڵاڵە کرد. لە نێوان هەردوو لادا گفتوگۆیەکی توند

ڕووی دا و هەر لایەکیان پاساو و بەڵگەکانی خۆی دەخستە ڕوو، هەرچەندە لەسەر زاراوەکە و دیاریکردنی چەمکی ئەدەبی ئیسلامی ڕێک نەکەوتن، بەڵام بەرهەمێکی ئەدەبی هەبوو «بۆ ئەو گەلانەی کە هاتبوونە سەر ئایینی ئیسلام و لە بۆتەی شارستانیەتی ئیسلامیدا توابوونەوە و ئەم بەرهەمە بە ڕۆسنبیری و میراتی ئەم گەلانە ڕەنگڕێژکرابوو بە جۆرێک کە - لە بنچینەدا- بەم مۆرکە ڕۆشنبیرییە ئیسلامییە خۆی لە ئەدەبیاتی دیکەی مرۆڤایەتیدا جودا دەکردەوە» (هریدی، ص١٥). لە بەناوبانگترین ئەوانەی کە لەم بوارەدا نووسیویانە دەتوانین ئاماژە بۆ (سید قطب، محمد قطب، عبده زاید، عبدالباسط بدر، عماد الدین خلیل، نجیب الگیلانی، عبدالعزیز شرف، صابر عبدالدایم) و ئەوانی دی بکەین. لە هەمان کۆنتێکستدا، هەندێک ڕەخنەگر و ئەدیب کۆششیان کردووە بۆ دانانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی ئەدەبیاتی گەلانی ئیسلامی لە زاراوەی (ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامی). هۆکەشیان بۆ ئەو خاڵانە گەڕاندووەتەوە کە ئەم ئەدەبیاتە کۆ دەکاتەوە و هەندێکیشیان لەو سیستم و پرنسیپانە نزیک دەکاتەوە کە لە بینینی ئیسلام و تێگەیشتنی بۆ ژیان دەرچووە. تیمی دووەم ئەم زاراوەیان ڕەت کردووەتەوە و زاراوەگەلێکی وەک «ئەدەبی بەراوردکاری و ئەدەبیاتی گەلانی ئیسلامی» (هریدی، ص١٥)، یان «ئەدەبی ئیسلامی و میراتی ئیسلامی» (بڕوانە حسان) و شێوەی ئەم زاراوانەیان بەکارهێناوە کە ڕەهەندی تیوری لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی گەلانی ئیسلامی ڕەت دەکاتەوە و لە ڕەهەندە پراکتیکییەکەیدا قەتیسی دەکات، هەر چەندە هەوڵی تیوریسنەکان هەبووە بۆ زاراوەی (ئەدەبی ئیسلامی) لە پێناوی پێشکەشکردنی داڕشتنێکی دیاریکراوی چەمکەکە، بەڵام لەسەر چەمکێکی گشتگیر و کۆکەرەوە ڕێک نەکەوتوونە، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە پەی بە سنووری زانستەکە بەرن، هەروەها لەسەر دیاریکردنی ناسنامەی تێکستی ئەدەبی ئیسلامی و خەسڵەتەکانیش ڕێک نەکەوتوون (هریدي، ص ص ١٥-١٧).

١٠- تێبینی هەوڵە یەکەمەکانی ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامی لای ئەوانە دەبینین کە گرنگیان بە مەسەلە ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامییەکان داوە وەک عەبدولسەلام عەزام و محەمەد محەمەدی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و بەدیع محەمەد جومعە و حوسێن موجیب مصری و محەمەد لسەعید جەمالەددین و تاهیر ئەحمەد مەککی و ئەوانی دی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا. حوسێن موجیب مصری و تەها نەدا پێش تاهیر ئەحمەد مەککی کتێبی تایبەت، یان بەشی تایبەتیان لە ژێر ناوونیشانی (ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامی) تەرخان کردووە و کەففافی و محەمەد لسەعید جەمالەددین و چەند نووسەرێکی دیش پێشتر ئاماژەی خێرایان بۆ ئەم ناوونیشانە و ناوونیشانگەلێکی لێکچوو کردووە و هەوڵەکانیان لە بواری تیوریزەدا لەبەرچاوە. بۆ نموونە (مەککی) پاش پێشەکییەکەی کە زەمینەی پێویستی هەموار کردووە بۆ ئەدەبی ئیسلامی لە کتێبی (پێشەکییەک لە ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامیدا) باسی ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامی دەکا و دەڵێ:

بوارێکی فراوان و شیاو و پانوبەرین هەیە و دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەدەبی بەراوردکاری. لێکۆڵەرەکان چاوەڕوانی دەکەن و ئێمەش لە بێ هۆشیارییەوە خۆمان لە گێلی دەدەین، یان ئەوانەی لە جیهانی پێشکەوتووشدا ئاگایان لێ هەیە ڕێنیشاندەرمان نابن بۆی، مەبەستم ئەدەبی بەراوردکاری ئیسلامییە. ئەگەر تیوریسنەکانی ئەدەبی بەراوردکاری خۆیان دەرباز کەن لە ئامانجی جوانیناسی کە ئامانجی یەکەمیش نییە و بە زانستێکی سوودبەخشی دادەنێن بەوەی کە دەمارگرژییە هەرێمی و میللییەکان ڕیشەکێش دەکا، یان لە لاوازترین باردا زێدەڕەوییەکان کەم دەکاتەوە، ئەوە ئیسلام ئایینێکە هزری ئیسلامی بەهێز و پڕشنگدار دەکا و دەبێتە بەهێزترین و پاکترین بەستەرکە ستوونەکانی دەوڵەتی ئیسلامی پێ دروست دەکا، بەمە ئیسلام پێش ئەدەبی بەراوردکاری دەکەوێ لە ئامانجەکەیدا و هۆکاریکی ئەدەبی بەرهەمدار دەدۆزێتەوە و دەگاتە ئەو ئامانجەی کە هەندێک دەیانەوێ پێی بگەن لەو هەستە مرۆڤیانەی کە لە سەرووی ڕەنگ و نەژاد و زمانەوەیە (مكي، مقدمة، ص٥).

بۆ زیاتر، بڕوانە (مكي، نحو ادب اسلامي؛ هريدي؛ جمال الدين، نقوش؛ حسان؛ المصري).

١١- هەر بۆ نموونە، کتێبی ئەدەبی بەراوردکاری تەها نەدا پێنج جار بۆ زمانی فارسی وەرگێڕاوە. سێ جاریان لە شێوەی کتێب لە لایەن وەرگێڕەکانەوە و دوو جاریش بە شێوەی نامەی ماستەر. بڕوانە نەدا لە لیستی سەرچاوەکان.

**سەرچاوە:**

**- Haidar Khezri, "Arabic Comparative Literature: Intersections with West Asian Literature", Alif: Journal of Comparative Poetics; (New paradigms in the study of Middle Eastern Literatures), American University in Cairo, No 35, pp. 40 - 67.**

**- http://schools.aucegypt.edu/huss/eclt/alif/recent/Pages/default.aspx#35**